## جۆرەکانی ئیجازەی خانوو Different Proceeding of Building Permission

لە باکووری عێراق لە نێوان ئەو پڕۆژانەی کە ئیجازەیان پێویستە و، ئەو پڕۆژانەی کە کاریگەری گەورەیان لەسەر ژینگە هەیە و، ئەو پڕۆژانەی کە پڕۆژەی ڕەسمی حکومەتن، جیاوازی ئەکرێت لەمیانەی شێوازی وەرگرتنی ئیجازەی دروستکردن بۆیان.

ئەو پڕۆژانەی ئیجازەیان پێویستە، وەک پڕۆژەی پچووک پچووک، کە کاریگەرییان نابێت لەسەر ژینگە-لێرەدا ئیجازە بەشێوەی پێشوو وەک باسکراوە لە نووسینی عەریزە و نەخشە پێشکەشکردن و لێکۆڵینەوە لیی لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی ئیجازەی خانووەوە، وەرئرگیریت.
بەڕێوەبەرایەتی ئیجازەی خانووش لە هەموو شارەکا و قەزا و ناحییەکان دا هەیە.

بۆ ئەو پڕۆژانەی کە کاریگەری گەورەیان لەسەر ناوچەکانی دراوسێی و لەسەر ژینگە هەیە، ئەبیت ئیجازەی تایبەتی بۆ وەربگیررێت، کە لەپاڵ لێکۆڵینەوە لە بارەی پلاندان و باری تەکنیکی پرۆژەکە، لێکۆڵینەوەش بکریت لە بابەت باری سیاسی جێبەجێکردنی پڕۆژەکەوە، بۆ نموونە دروستکردنی کارگەی پیشەسازی و کارگەی کیمیاوی لە ناوچەکەدا.
پڕۆژەی حکومی پلانی تایبەتی بۆ دائەڕێژرێ لە لایەن لێژنەی تایبەتی دەزگا حکومییەکانەوە، بۆ نموونە: پڕۆژەی ڕاکێشانی هێڵی ئاسنین بۆ شەمەندەفەر، پڕۆژەی ئاوئاوەڕۆ و پڕۆژەی ڕێگاوبان و هی تر. ئەم جۆرە پڕۆژانە بەبێ ئیجازە وەرگرتن لە شارەوانی، لە لایەن دەزگاکانی حکومەتەوە وەکو دەزگای شارەوانی، دەزگای کارەبا، دەزگای ڕێگاوبان و ئەشغال و ئەوانی تر، ئەخرێنە بەرنامەی کارەوە.

پڕۆژەی پچووک، کە ئیجازەی ناوێت، گرنگییەکی ئەوتۆی نییە و تەنها عەریزە بۆدانی پێویستە بە شارەوانی.